هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة

No:

Date:

ژمارە: ٥/ ٧٤٢٢

ڕێکەوت ١٥ / ٥ / ٢٠١٦ ی زایینی

٢٦ / ٢ / ٢٧١٦ ی کوردی

## فەرمانی وەزاری

پشت بەست بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦)ی ئەنجومەنی وەزارەتمان لە ڕۆژی (٢٠١٦/٢/٢٢) تەوەرەی سێ یەم خاڵی دووەم، وە ئاماژە بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٣٤٥ لە ٢٠١٦/٣/٣ بڕیاردرا بە:

١) پێدانی دەرفەتی گەڕانەوەی گشت ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کەناویان لە زانکۆو پەیمانگەکانی حکومی سڕاوەتەوە و تەرقین قید کراون لەساڵانی ڕابردوودا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەر خوێندنی پێشویان لەو قۆناغەی کە لێ ی تەرقین قەیدکراون بە سیستەمی پاراڵیلی پەیرەوکراو لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بێ ڕەچاو کردنی مەرجی تەمەن .

٢) پێدانی دەرفەتی گەڕانەوە بۆ گشت ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە لە زانکۆ تایبەتەکان ناویان سڕاوەتەوە (تەرقین قەیدکراون) بۆ شوێنی خوێندنی پێشووی خۆیان، وە(٢٥%) کرێی ساڵانەی خوێندنیان لەسەر زیاد دەکرێت ئەو زیادەیە دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵا/ سندوقی وەزارەت .

٣) ئەم بڕیارە ئەو قوتابی/خوێندکارانە دەگرێتەوەکە پێشتر لە بڕیاری گەڕانەوە سوودمەند بووینە.

٤) ئەم بڕیارە ئەو قوتابی/خوێندکارانەش دەگرێتەوەکە بە هۆی میچی خوێندن ناویان سڕاوەتەوە ، یان لەمەودوا میچی خوێندن تەواو دەکەن بە پێی ڕێنماییەکانی تاقی کردنەوەکان.

٥) ئەو قوتابی/خوێندکارانەش دەگرێتەوە کە زیاتر لە ساڵێکی خوێندن بەسەر هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان تێپەڕیوە و دەیانەوێ بگەڕێنەوە .

٦) ئەوانەی ئەو فەرمانە دەیانگرێتەوە مەقاسەیان بۆ دەکرێت، ئەگەر زیاتر لە دوو بابەتیش سەربارکران، بۆ قۆناغێکی دواتر ناگەڕینەوە و لە قۆناغی خۆیاندا سەربارەدەکرێن.

٧) ئەم بڕیارە قوتابی/ خویندکاری تەرقین قەیدکراوخوێندنی باڵا ناگرێتەوە.

٨) ئەم بڕیارە ئەو قوتابی / خوێندکارانە ناگرێتەوە کە ناویان سڕاوەتەوە (تەرقین قەیدکراون) بە هۆی گزی کردن (غش) یا سزا درابن بەپێ ی یەکێک لە خاڵەکانی ماددەی شەش لە ڕێنماییەکانی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی تایبەت بە ڕێکاری قوتابیان/خوێندکاران.

٩) ئەو ڕێنمایی یە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ جێ بەجێ دەکرێت.

د. یوسف گۆران

وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / نووسنگەی وەزیر / لەگەل ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان/ بۆکاری پێویست /لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی کارگێری ودارایی / لەگەل ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی با ڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون / لەگەل بەراییەکان.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/بۆکاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ و پەیمانگە تایبەتیەکان/لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

www.mhe-krg.org
ناونیشان: هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٦٩٣١٥
SPF.office@mhe-krg.org
weli